

# دواهەمین گەڵا

ئۆ هێنری
له ئینگلیزییەوە: ئیحسان سابیر خەیات

له ناوچەیەکی بچووکی ڕۆژئاوای (گۆڕەپانی واشنتن)، شەقامەکان سەرشێتانه تێک قژقژاون و بوون به چەند ڕووبەرێکی درێژۆکانی به ناوی "ناوچه". ئەم ناوچانه گەلەگۆشه و گەلەکەوانه پێک دێنن. شەقامێک یەک– دوو جار خۆی دەبڕێ و دەبێته یەکڕییان (نەک دووڕییان). جارێکیان له نێو ئەم شەقامەدا هونەرمەندێک ئەگەرێکی هاته خەیاڵی وەک گریمانه: باجگرێک بەخۆی و پسوولەی پاره و حساباتی بۆیه و کاغەز و قوماشی چادر له ئانی پەڕینەوەی بەو ڕێگایەدا له پڕ گەیشتیێ، دەگەڕایەوە بێ ئەوەی تەنانەت یەک سەنتیشی دابێ!! چی بکات؟

لەبەر ئەوە هونەرمەندان بۆ گوندی (کۆنه گرینیج)ی سەرنجڕاکێش به پەله و به تاسەوە هاتن و دەوروخولیان دا و چاویان له پەنجەره بەرزەکان و جەمەلۆنی سەدەی هەژدەم و هەورەبانی هۆڵەندی و خانوو و خیوەته نزمەکان و کرێی هەرزان دەگێڕا. دواتر هەندێک دۆلکەی فەخفووری و یەک – دوو قاپی گەرمکەرەوەیان له (شەقامی شەشەم)ەوە هێنا و لەوێ نیشتەجێ بوون و بوون به (colony)، واته ڕەوەند. له سەر سێیەمین قاتی کەرپووچدا (سیوو) و (جۆنسی) ستۆدیۆیەکیان دامەزراندبوو. (جۆنسی) ناوی به (جۆنا) دەرکردبوو. یەکیان خەڵکی ویلایەتی (مێین) بوو، ئەوی تریان خەڵکی ویلایەتی (کالیفۆرنیا) بوو. لەسەر مێزی میوانخانەی (دێلمۆنیکۆس) له شەقامی هەشتەمدا یەکتریان ناسیبوو. خولیای هونەر و سەوزەی چەقچەقه و شەڕابی (قۆڵی قەشه) هەردووکیانی وا سازاندبوو که ستۆدیۆکەیان لێ هاتبووه بەرهەم.

ئەوە لە مانگی مایس بوو. لە تشرینی دووەمدا، بیانییەکی سارد و نەبینراو کە پزیشکان ناویان نابوو (نیۆمۆنیا) خزییە ناو (ڕەوەند)ەکان و بە ئەنگوستە سەهۆڵییەکانی لێرە و لەوێ لەمی دەدا و لەوی دەدا. لەوبەری ڕۆژهەڵاتەوەش ئەو وێرانکەرە نەگریسە هەنگاوی گەورە گەورەی نا بۆ لەناوبردنی دەیان قوربانی، بەڵام لە (ناوچە) لوولخواردوو و قەوزەبییەکان بە هێواشی پێی دادەگرت. (بەڕێز) نیۆمۆنیا لەوان نەبوو پێی بڵێی جوامێر. یەک ئەسپێی ژنە بچکۆلەیەکی داماوی خوێن کاڵبوو بە شنەبای کالیفۆرنیا، یارییەکی ئاسان نەبوو بۆ مشتەسوور و هەناسە تەنگی پیرەفرۆشیارێکی گەڕیدە، بەڵام (جۆنسی) خواردی و کەوتە ناو جێ و تا ڕادەیەک جووڵەی لێ بڕا. لە پەنجەرە بچووکە هۆڵەندییەکەوە سەیری تەنیشتە واڵاکەی خانوویەکی کەرپووچی دەکرد.

بەیانییەک پزیشکە سەرقاڵەکە بە بڕۆ زبر و بژەکەی (سیوو)ی بانگ کردە ڕێڕەوەکە. تەرمۆمەترە جیوەییە پزیشکییەکەی ناو دەستی ڕاشەقاند و گوتی:

- یەک هەلی - با بڵێین لە کۆی دە هەلان ماوە، ئەو هەلەش لە سایەی ویستنی ژیانیەتی. بەو ڕێگایە ئەگەر ئاپۆرای خەڵک بە ڕیزە شان بە شانی مردوونێژ ڕابوەستن، ئەوە سەرجەم دەرمانسازی لای ئەوان هیچ مانایەکی نابێ. خاتوونە بچکۆلانەکەت بڕیاری داوە چاک نابێتەوە. ئاخۆ شتێکی لە هزردا هەیە؟

- ویستی ڕۆژێک وێنەی (کەنداوی ناپۆلی) بکێشێ.

- وێنە؟- تەڕەماش! ئایا شتێک هەیە لە مێشکیدا، لە بارەی "پیاو" بۆ نموونەشایستەی دوو جار بیرکردنەوە بێ؟

(سیوو) منگەیەکی کرد:

- پیاو؟ ئایا پیاو شیاوترە؟ نا دوکتۆر، ئەو جۆرە شتە نییە.

- دەباشە کەواتە هۆکارەکەی لاوازییە. من ئەوەندەی لە تواناییمدا هەبێ لە پێناو مەبەست لە هەموو زانستێک دەکۆڵمەوە، بەڵام کە نەخۆشەکەم دەست بکات بە ژماردنی عەرەبانان کە لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنیدان من لە سەدا پەنجا وزەی دەرمانەکانی کەم دەکەمەوە. ئەگەر تۆ تەکانی بدەی یەک پرسیارت لێ بکات دەربارەی مۆدێلی قۆڵی عەبای زستانی، ئەوە من بەڵێنت پێ دەدەم هەلی یەک لە دە بکەم بە یەک لە پێنج.

دوای ڕۆیشتنی دوکتۆر، (سیوو) چووە ژووری (نیگارخانە) و بەروانکە یابانییەکەی لەگەڵ خۆی بردە سەر هەویرێکی ئامادەکراو بۆ کاری هونەری خۆی، ئەوجا بەخۆ و بە کارتۆنی نیگارکێشان بەخۆبادان و بە فیتەکێشان لەسەر ئاوازی مۆسیقای (ڕەگتایم)ی ڕەشپێستەکان چووە لای (جۆنسی).

(جۆنسی) هەروەکوو خۆی لەسەر جێگەکەی ڕاکشابوو و بە دەگمەن لە ژێر نوێنەوە پرخەی دەهات و ڕووشی کردبووە پەنجەرەکەوە. (سیوو) فیتوهۆڕەکەی ڕاگرت، چونکە وای زانی نوستووە.

دوای ڕێکخستنی پێداویستییەکانی، بە قەڵەمی پاندان و مەرەکەب دەستی بە وێنەکێشانی چیرۆک بۆ گۆڤارێک کرد. هونەرمەندە گەنجەکان دەبێ ڕێگەی خۆیان بۆ هونەر بکەنەوە، ئەمەش بە وێنەکێشانی چیرۆک بۆ گۆڤارەکان، کە نووسەرە گەنجەکان دەیاننووسن بۆ ڕێگە خۆشکردنیان بەرەو (ئەدەب).

لە ئانی سەرقاڵبوونی بە هێڵکاری، پانتۆڵی

ئەسپسوارێکی قۆز بە یەک لا چاویلکەوە وەک پاڵەوانێکی کاوبۆی، گوێی لە دەنگێکی نزم بوو و چەند جاریش دووبارە بووەوە. بە پەلە بۆ لای قەرەوێڵەکە چوو.

چاوەکانی (جۆنسی) ئەبڵەق سەیری دەرەوەی پەنجەرەیان دەکرد. دەیژمارد- بەرەو دواوەی دەژمارد:

- دوازدە...

پاش تاوێکی تر:

- یازدە...

ئەوجا بە یەک جار:

- دە، نۆ، هەشت، حەوت.

بە مەراقەوە سەیری دەرەوەی پەنجەرەی کرد. چی لەوێ هەبوو بیانژمێرێ؟ لەوێ تەنیا حەوشەیەکی ڕووت و غەمناک هەبوو. لە دووری بیست پێیەک تەنیشتی خانووە کەرپووچەکەی لێ دیار بوو. دارمێوێکی ڕەق و ڕووتی ڕزیو تا نیوەی دیوارە کەرپووچەکە هەڵکشابوو. هەناسە ساردەکەی پاییز گەڵاکانی هەڵوەراندبوو تا لقە وشکەکانی بە ڕوونی بەسەر دیوارەکەدا دیار بوو. (سیوو) پرسیاری کرد:

- ئەوە چییە ئازیز؟

(جۆنسی) چپەیەکی کرد:

- شەش...ئێستا خێراتر دەکەونە خوارەوە. بەر لە سێ ڕۆژ، نزیکەی سەدی پێوە بوو. ژماردنیان سەری ئێشاندم، بەڵام ئێستا ئاسانە. ئەوە یەکێکی تر ڕۆیشت. ئێستا تەنیا پێنج ماوە .

- پێنج چی گیانەکەم؟ بە (سیوو)ەکەی خۆتی بڵێ.

- گەڵا، لەسەر دار مێوەکەوە. ڕێک لەگەڵ کەوتنی دوایەمینیان منیش دەبێ بڕۆم. من ئەوە سێ ڕۆژە دەیزانم. دوکتۆر بە تۆی نەگوتووە؟

(سیوو) بە گازاندەوە وەڵامی دایەوە:

- ئۆو، من گوێم لە قسەی بێ مانای وا نەبووە.

ئەوجا بە گاڵتەجاڕییەوە پرسیاری کرد:

- گەڵاکانی ئەو پیرە دارمێوە چ پێوەندییەکیان بە چاکبوونەوەی تۆوە هەیە؟ تۆی سەرەڕۆ، هێندە ئەو دارەت خۆش دەوێ! خۆت گێل مەکە. خۆ دوکتۆر ئەو بەیانییە پێی گوتم هەلی چاکبوونەوەت زۆر نزیکە- کوا بزانم کتومت چی گوت- ئا گوتی هەلەکان دە بۆ یەکە! ئەدی! ئەوە تا ڕادەیەک هەلێکە وەک ئێمە لە نیویۆرک هەمانە کاتێ سواری ئۆتۆمبێلەکانی شەقام دەبین، یان بە پێیان بە لای باڵەخانە نوێیەکاندا دەڕۆین. ئێستا هەوڵ بدە کەمێک شۆربا بخۆیت و با (سوودی)یش بگەڕێتەوە بۆ لای وێنەکەی تا بتوانێ بیفرۆشێتە کابرای سەرنووسەر و مەی بۆ کچە نەخۆشەکەی و هەندێک شاورمەش بۆ نەوسە چڵێسەکەی خۆی بکڕێ.

(جۆنسی) بەردەوام چاوی بڕیبووە دەرەوەی پەنجەرەکەوە و گوتی :

- پێی ناوێ چیتر مەی بکڕی، ئەوە یەکی تریش دەڕوات. نا هیچ شۆربایەکم ناوێت. ئەوە تەنیا چواران دەهێڵێتەوە. من دەمەوێت بەر لەوەی تاریک دابێت، دواهەمینیان ببینم. ئەوجا منیش دەڕۆم.

(سیوو) چەمایەوە سەری و گوتی:

- ئازیزەکەم (جۆنسی) بەڵێنم پێ دەدەی چاوەکانت داخەی و سەیری پەنجەرە نەکەی تا من کارەکەم تەواو دەکەم؟ بۆ بەیانی من دەبێ ئەو وێنانە ڕادەست بکەم. پێویستم بە ڕووناکییە، یانیش دەبێ پەردە دابخەم.

(جۆنسی) بە ساردی پرسیاری کرد:
- ناتوانی لە ژوورەکەی دی کارەکەت بکەی؟
- پێم باشترە لای تۆ بم. جگە لە هەندێش نامەوێ بەردەوام بی لە سەیرکردنی ئەو گەڵا بێ نرخانە.

(جۆنسی) چاوەکانی داخست، وەک پەیکەرێکی سپی و کرۆکپی کەوتوو گوتی:
- کە تەواو بووی ئاگادارم بکەوە، چونکە دەمەوێ کەوتنی دوایەمین گەڵا ببینم. لە چاوەڕوانی بێزار بووم.. لە بیرکردنەوە بێزار بووم.. دەمەوێ دەستەکانم لەسەر هەموو شتێک سست بینەوە و نوقمی خوارەوە بم... بۆ خوارەوە ڕێک وەک ئەو گەڵا داماو و شەکەتانە.

- هەوڵ بدە بخەویت. دەبێ (بێرمان) بانگی سەرەوە بکەم، بێت بۆم بە پۆز ڕاوەستێت، ببێت بە نموونەی پیرەکرێکارێکی کانگە. من تەنانەت بۆ یەک خولەکیش لێرە ناڕۆم، هەتا دەگەڕێمەوە نەکەی بجوولێی.

پیرە (بێرمان) وێنەکێش بوو و لە خوارەوە لە قاتی سەر زەوی دەژیا. تەمەنی لە سەرووی شەستەوە بوو، ڕیشەکەی ڕیشی (مایکل ئەنجلۆ) بوو و لە سەری خواوەندێکەوە بۆ خوارەوە لوولی خواردبوو پڕ بە بەژنی جنۆکەیەکەوە. (بێرمان) لە هونەر سەرکەوتوو نەبوو. چل ساڵی ڕەبەق لە فلچەلێدان بوو بێ ئەوەی بە داوێنی ڕۆبی ژنەکەی بکەوێ. هەمیشە نزیک بووە شاکارێک بکێشێ، لێ هەرگیز دەستی پێ نەکردووە. چەند ساڵێک هیچ وێنەیەکی نەکێشا، تەنیا جار بەجار فلچەیەکی لە بواری بازرگانی، یان لە بواری ڕاگەیاندندا ڕادەوەشاند. پارەیەکی کەمی دەست دەکەوت لە ڕێگەی پۆز ڕاوەستان وەکوو نموونە بۆ هونەرمەندە تازە پێگەیشتووەکانی نێو (ڕەوەند) کە لە تواناییاندا نەبوو هێندەی پیشەوەرەکان پارەی باش بدەن. ئەو پیاوە لە خواردنەوەی (جین) سنووری بەزاندبوو، هێشتا باسی شاکاری پاشەڕۆژەکەی دەکرد. وێڕای هەموو ئەوانە، پیرەمێردێکی دڕ و توند بوو کە زۆر بە توندی گاڵتەی بە هەر کەسێکی نەرمونیان دەکرد و خۆی بە سەگی پاسەوانی تایبەت بەو دوو هونەرمەندەی خاوەن ستودیۆی سەرەوە دادەنا.

لە خوارەوە (سیوو) بۆنێکی چەتوونی (تووی عەرعەر)ی لە ژوورە تاریکەکەی (بێرمان) دەکرد. لە قوژبنێکدا پارچە قوماشێک ماوەی بیست و پێنج ساڵ بوو لەسەر هەڵگری تابلۆ دانرابوو بە ئومێدی ئەوەی یەکەم هێڵی شاکارەکەی لەسەر بکێشرێ. باسی خەیاڵی (جۆنسی)ی و هەروەها مەترسییەکەی بۆ کرد لەوەی کە گەڵا ئاسا سووک و لاواز بکەوێ کاتێ کە چیتر نەتوانێ بە مشتە لەرزۆکەکەی خۆی بە دنیاوە بگرێ.

ئاوی چاوە سوورەکانی پیرە (بیرمان) جۆگەلە ئاسا ڕانەدەوەستا. بەرانبەر بەو جۆرە خەیاڵە گەمژانەیە بە دەنگی بەرزەوە گاڵتەجاڕی خۆی دەربڕی:

- زۆر بێ مانایە! کەس هەیە لەو دنیایەدا بڕوای بەو خەیاڵە پڕوپووچە هەبێ- بمرێ چونکە گەڵا لە دارمێوەکی نەفرەتی دەکەونە خوارەوە؟ من ئەو جۆرە شتەم نەبیستووە. نا، من وەک ئەو کرێکارە گێلە بۆت بە پۆز ڕاناوەستم وێنەم بکێشی. تۆ بۆچی دەهێڵی ئەو شتە بێ مانایانە بچنە نێو مێشکییەوە؟ ئاخ، (خاتوو یۆنسی)، کچۆڵەی داماو!

- زۆر نەخۆشە. تایەکەشی کاری لە مێشکی کردووە و کۆمەڵێک خەیاڵی ئاخنیوەتە ناوی. زۆر

باشە بەڕێز (بێرمان)، ئەگەر پێت گرنگ نییە بۆم ڕابوەستی، پێویست ناکات، ڕامەوەستە.

(بێرمان) هاواری لێ هەڵسا و گوتی:

– تۆ هەر ژنی! کێ گوتی من پۆز ڕاناوەستم؟ دەی بڕۆ، لەگەڵت دێم. نیو کاتژمێرە پێت دەڵێم ئامادەم بۆت ڕابوەستم. ئەی خوایە! ئێرە شیاوی ئەوە نییە کچێکی وەک خاتوو (یۆنسی) تێدا نەخۆش کەوێ.. ڕۆژێک دێت شاکارێک دەکێشم، ئەوجا هەموومان دەڕۆین. ئەی خوایە! بەڵێ.

کە چوونە سەرەوە، (جۆنسی) نووستبوو. (سیوو) پەردەکەی ڕاکێشا خوارەوە و (بێرمان)ی بردە ژوورەکەی دی. لەوێ بە ترسەوە لە پەنجەرەوە چاویان بڕییە دار مێوەکە، ئەوجا بۆ چرکەیەک سەیری یەکتریان کرد بێ ئەوەی هیچ بڵێن. بە بەردەوامی بەفر و بارانێکی سارد دەباری. (بێرمان) بە کراسە کۆنە شینەکەیەوە وەکوو کرێکارێکی کانگە لەسەر کترییەکی سەرەونخوونکراو دانیشت.

(سیوو) لە خەوێکی یەک کاژێریدا بە ئاگا هات و (جۆنسی)ی بینی چاوە ئەبڵەق و تەڵخەکانی بڕیبوونە پەردە داخراوەکە. بە دەنگێکی نزمەوە داوای کرد:

– هەڵیکێشە سەرەوە، دەمەوێ.... ببینم.

(سیوو) بە نادڵییەوە گوێڕایەڵ بوو، بەڵام سەیرە! دوای باو و بارانێکی وا بە تەوژم و بە درێژایی شەو، گەڵای دار مێو هێشتا بەسەر دیوارە کەرپووچەدا وەستاوە. دواهەمین بوو بە دارمێوەکەوە مابوو. هێشتا کەسکێکی تاری نزیک لە قەدەکەیەوە بوو، بەڵام ڕۆخە مشارەکەی بە لاوازی و ڕزیو لە بەرزی بیست پێیەکدا زەرد هەڵگەڕابوو. بوێرانە خۆی بە لقێکدا هەڵواسیبوو.

(جۆنسی) گوتی:

– ئەو دوایەمینە. دڵنیا بووم لە شەودا دەکەوێتە خوارەوە. من گوێم لە دەنگی با بوو. ئەمڕۆکە دەکەوێ و منیش لە هەمان کاتدا دەمرم.

(سیوو) بە دەموچاوی شەکەت و خەماوییەوە، چەمایەوە سەر سەرینەکەی و گوتی:

– ئازیز، ئازیز! تۆ ئەگەر بیر لەخۆت ناکەیتەوە، بیر لەمن بکەوە. من چی دەکەم؟

بەڵام (جۆنسی) وەڵامی نەدایەوە. لە دنیادا غەمناکترین و تەنیاترین شت ڕۆحە لەو ئانەی بۆ سەفەرە نادیارە دوورەکەی ئامادە دەبێت. دیار بوو خەیاڵەکەی تا دەهات توندتر بەسەریدا زاڵ دەبوو، ئەویش لە ئەنجامی خاوبوونەوەی یەک لە دوای یەکی ئەو پەیوەستانەی بە دۆستەکانی و بە زەوییەوە بەستبوونی.

ڕۆژی بەسەردا چوو، تەنانەت لە کاتی خۆرئاوابوونیشدا تاکە گەڵای دارمێوەکەیان دەدیت بە قەدەکەیەوە بەسەر دیوارەکەدا نووسابوو، ئەوجا کە شەو داهات بای شەماڵ هێور بووەوە، کەچی ترپە ترپی باران بەسەر پەنجەرەکان و سەر لێواری سەربانەوە هێشتا دەبیسترا.

دوای ڕووناکبوونەوە (جۆنسی) بێ بەزەییانە فەرمانی دا پەردەکە هەڵبدرێتەوە. گەڵا مێوەکە هێشتا هەر لەوێ بوو. بۆ ماوەیەکی درێژ لە ناو جێگەدا سەیری دەکرد، ئەوجا (سیوو)ی بانگ کرد، لە ئانی شۆربای مریشکەکەی سەر سۆپا غازەکەی تێک دەدا:

– (سوودی)، من کچێکی خەراپ بووم، شتێک وای لەو دوایەمین گەڵایە کردووە لەوێدا بمێنێ تاکوو نیشانم بدات من چەند بەدکار بووم، بەڕاستی بمەوێت بمرم تاوانە. ئێستا دەتوانی

کەمێک شۆربام بۆ بێنی، هەروەها برێک شیر و کەمێک بیرەی (پۆرت)یشی تێدا بێت و- نا، جارێ ئاوێنەیەکی دەستیم بۆ بێنە، ئەوجا چەند سەرینێک بئاخنە دەوروپشتم و منیش دادەنیشم سەیری کاری چێشت لێنانت دەکەم.

دوای سەعاتێک گوتی:

- (سوودی)، ڕۆژێک دێت بتوانم وێنەی (کەنداوی ناپۆلی) بکێشم.

لەپاش نیوەڕۆ دوکتۆر بەژوور کەوت و (سیوو)ش بە بەهانەی ئەو ڕۆیشتە ناو ڕێڕەوەکە.

دوکتۆر دەستە ناسکەکەی (سیوو)ی گرت و تۆقەی لەگەڵدا کرد و گوتی:

جگە لە هەلی هەڵکەوت، بە پەرستارییەکەت تۆ دەبەیتەوە. ئێستاش دەبێ لە خوارەوە سەیری کەیسێکی تر بکەم. (بێرمان)- پێم وایە ناوەکەی جۆرێکە لە ناوی هونەرمەندان. نەخۆشییەکەی ئەویش نیۆمۆنیایە (هەوکردنی سییەکانە). پیرەمێردێکی بێ هێزە و زۆر بە توندیش پێکاویەتی. بێ ئومێدە، بەڵام ئەمڕۆ دەچێتە نەخۆشخانە، بەڵکوو ئارامتری بکەنەوە.

ڕۆژێکی بەسەردا چوو، دوکتۆر بە (سیوو)ی گوت:

- لە مەترسی دەرچووە. تۆ براوەی، ئەوجا ئێستا کاتی خواردنی ڕێکوپێک و سەرپەرشتیکردنە - هەر هەندە بەسە.

دوای نیوەڕۆ (سیوو) هاتە لای قەرەوێلەکەوە کە (جۆنسی) لەسەری پاڵ کەوتبوو و بە ئاسوودەییەوە ملپێچێکی خوری زۆر شین و بێ کەڵکی دەچنییەوە و قۆڵێکی لە سەرینەکانی ئاڵاند و...هەر هەندە.

- مشکە سپی، شتێکم پێیە پێتی دەڵێم. بەڕێز (بێرمان) ئەمڕۆ لە نەخۆشخانە بە نیۆمۆنیا گیانی سپارد. تەنیا دوو ڕۆژ نەخۆش بوو. کابرای خزمەتگوزار لە بەیانییەکەی ڕۆژی یەکەم دیتبووی لە ژوورەکەی خۆیدا لە خوارەوە لەبەر ژانی لەشی پەکی کەوتبوو. پێڵاوەکان و جلەکەی بە هۆی سەرما سەهۆڵییەکەوە تەڕ بووبوون. مەزەندەی هیچیان لێ نەدەکرد لەو شەوە ترسناکەدا لە کوێ بووبێ، ئەوجا چرایەکی پێکراو و پەیژەیەک کە لە شوێنی خۆی گواسترابووەوە و هەندێ فڵچەی پەرتوبڵاو و تەختەی ڕەنگی کەسک و زەردی لەسەر تێکەڵ کراویان دۆزییەوە. ئازیز، لە پەنجەرەوە سەیری دواهەمین گەڵای دار مێوی سەر دیوارەکە بکە.. تۆ سەرت سوڕنەماوە بۆچی ئەو گەڵایە کاتی کە با هەڵی کردووە هەرگیز نەشەکاوەتەوە، یان تەنانەت نەجووڵاوەتەوە؟ ئاه گیانەکەم، ئەوە شاکارەکەی بەڕێز (بێرمان)ـە- لەوێ وێنەی کێشاوە، شەوەکەی کە دواهەمین گەڵا کەوتووەتە خوارەوە.

**تێبینی: ئەم چیرۆکە لە کۆچیرۆکی**
(The Trimmed Lamp, O Henry 1970)
**وەرگیراوە.**

**سەرچاوە:**

**کتێبی:**

Discovery Fiction
A Reader of American Short Stories
Cambridge University Press.